# ڕاپەڕینی هێمنانەی خوێناوی !

چەندین ساڵە گویم لێدەبێ و لێرەو لەوێ نووسراوەو مەقالاتی جۆراو جۆر لە رۆژنامەوگۆڤاردا دەخوێنمەوە کە: شۆڕشی چەکداری وڵات کاولکەرومالوێرانکەرە، دەبێ وازی لێ بهێنرێ و خەباتی خیابانی و مانگرتن و ڕێپێوان جێگای شۆڕشی چەکداری بگرێتەوە، واتە شۆڕش لە چیاکانڕا ببرێتە نێوشارەکان.

لە کوردستانیش لەو ساڵانەی دواییدا دوای ئەوەی ئەمریکا سەدامی ڕووخاندووە، کەوتوتە سەر زاران کە شۆڕش جگە لەوەی ماڵوێرانکەرە و زیانەکانی قەرەبوو ناکرێنەوە و لە باری وەدوا کەوتنی کۆمەڵگاشەوە شوێن دادەنێ و خەڵکەکەشمان لە زانیاری و خوێندەواری وە دوا دەکەوێت. بەو دیتن و تێڕوانینانە لە زەرەرو زیان، دەڵێن: ئیتر پێویست ناکات کورد دەست بۆ چەك بەرێ و خوێن و قوربانی بدات. بەڵکوو بە خەباتی سەرشەقام لەشارودێ، بە مانگرتن و ڕێپێوان، پێشڕەوان و ڕووناکبیرانی کورد، داوای حەقخوازانەی کورد لە ڕێگەی وتوو وێژەوە بەسەر داگیرکەرانی کوردستاندا بسەپێنن !

مرۆڤ کاتێ دادەنیشێ و بیر لە ڕابردوو و نووسراوەو ئەو ڕوانگانەی ئەورۆ دەکاتەوە، دەبینێ ەو تێزە، تێزێکی جوانەو ڕەنگبێ گەلێك کەس وەری بگرێ و پەسندی بکات، بەلاَم ئەگەر بە وردی بیری لێبکرێتەوە ئەو پرسیارە دێتەپێش و مرۆڤ دەپرسێ: بلێی لە کاتی پێشنیارکردنی ئەو تێزە، بیچمی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیان وە بەرچاوگرتبێ؟ یان مەبەستان لە دەوڵەتانی دێموکڕات و ئاشتیخوازە، بۆیە دەڵێن؛ بە وتوو وێژو خەباتی هیمنانە واتە: بەهاتنە سەر جادەو بەهەڵگرتن و نووسینی چەند پلاکارتێك خواست داواکانی

میللەتی کورد بەراورد دەکرێن و، وەڵامی پۆزیتیف وەردەگرنەوە.

ئێستا بەو ڕاپەڕینەی ڕۆژهەڵات وەك ڕۆژی روناك دیارەو دەبینین کە لەژێرگوشارو زەبروزەنگی رژێمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیدا، گەلی کورد نیزیك وردودرشتی بەڕێنوێنی ڕووناکبیران رژاونەتە سەر شەقامەکان‌و وا پتر لە دوو حەوتوویە، جگە لەخۆ پیشاندان، دوکان‌و بازاریش بە پشتیوانی لە خۆپیشاندەران داخراون و خەڵك بەگشتی داواکانیان کردوتە یەك و قیزو بیزو بیزاری خویان لەرژێمی داگیرکەری تاران پیشاندەدەن. بەڵام رژێمێك کە زمانی دیالوك نازانێ، رژێمێك یاسای مافی مروڤ‌و سیاسەتی نیو نەتەوەیی بەهێند ناگرێ، رژێمێك گاڵتەی بە دیموکراسی دێ و خووی بە کوشت‌و کوشتار گرتووە، داخوا لە ژێر دەسەڵاتی رژێمێکی وەهادا، بە خەبات بە هێدی‌و هێمنی، وەڵامی داواکانی کورد دەدرێتەوە ؟

بێشك خوازیارانی تیزی هێمنانەو دژ بە شۆرشی چەکداری، لەو پرۆسەیەدا بۆیان دەر کەوتووە کە مافی میللەتی ژێردەست لە بیچمێکی کوشتوبڕو دژی دیموکراسیدا، بەخەباتی هێمنانەی بێ پشتیوان نایەتە دی‌و بێ وەڵام دەمێنێتەوە.

ئێستادەبینین رژێمی کۆنەپەرست‌و شۆڤێنیتی ئێران هێزی شارەکانی تری بۆسەرکوتکردنی شۆرشگێرانی کورد لە کوردستان خزاندووەو بە گوللەی گەرم وەڵامی ئازادیخوازان دەداتەوەو بەکەیفی خۆی کوشتار لە خەڵکی بێدیفاع دەکات‌و دەست ناپارێزێ. تەنانەت بەهیلیکۆپتێریش پیاوان‌و ژنان‌و بە تایبەتی لاوانی شۆرشگێری شارەکانی داوەتە بەرگوللەی شەستیرو بێ روحمانە خوێن دەرێژێ‌و کوشتاردەکات. رژێم پێیوایە بە کوشتن‌و برین‌و گرتن‌و شکنجە، رەزایەتی خەڵك بۆلای خۆی ڕادەکێشی و ئاوبە ئاور دادەکرێ.

ڕژێمی ئاخوندی خۆی گێل دەکات، دەنا باش دەزانێ، کە میللەتێك مافی زەوت کرابێ و ئاو وخاکی داگیرکرابێ و لە هەموو ئازادی و مافێکی مرۆڤایەتی بێبەشکرابێ، واز لە مافی ڕەوای خۆی ناهێنێ و هەتا هەتایە سەرکوت ناکرێ. بێشك ئەگەر میللەتی کورد، لە دەیان شۆڕش و ڕاپەڕینی تر داسەرکوت بکرێ و دەیانجاری تر ئاوارە بکرێ، ڕۆژێك وەك ئاوری زیلەمۆ لە کاتی خۆیدا دەگەشێتەوە و دەسەلاتدارانی حاکم دادەپلۆخێ.

ڕاستە کە تا ئێستا هیچ دەوڵەتێك هێشتا خۆی لێوە ڕاست نەگێڕاوین و لە سەرمان وەجواب نەهاتووە، بەلام پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانی و شۆڕشگێران و هێندێك لە ئەحزابی کوردستانی و مرۆڤ و کەسایەتی سەربەخۆ و ڕوناکبیرانی کوردستان پشتیوانی خۆیان لەو ڕاپەڕینە کردووە و بۆ هەرجۆرە ڕاگەیاندن و ڕاکێشانێك، سەرنجی کۆڕوکۆمەلانی خێرخوازو دێموکراتیکی جیهانی، هەوڵی خۆیانداوەو لە زۆر بارەوە هێزیان وەکارخستووە و درێژەی هەیە. ڕەنگبێ لەکاتێکی ئاوادا زمانی چەك بەباش نەزانن.

ڕاستە کە دەڵێن: لە خەبات و بەربەرەکانیدا هەڵوا نابەشنەوە. کەسانێك بۆ ئازادی هەوڵبدن و دڵسۆزی و ماندووبوون بۆ میللەتەکەیان بەئەرکی سەرشانی خۆیان بزانن، بێشك تووشی دەردەسەری و گیروگرفت و زیندان و شکەنجەو ئاوارەییش دەبن و تەنانەت ئێعدام و کوشتنیش چاوەڕوانیان دەکات. چونکە ئازادی و ڕزگاری قوربانیدان و فیداکاری گەرەکە و ڕێگایەکە دەبێ ڕەنج و ئازارو تاڵی و سوێری لەسەر بچێژرێ.

سەعید کاوە (کوێستانی) ٢٠٠٥/٨/٩